## داوای سازمانی خەبات ی کوردستان بۆ هاوکاری لە نێوان هێز و لایەنەکانی کوردستانی ئێران

**دۆستانی خۆشەویست!**
**حیزب و سازمانە تێکۆشەرە بەرێزەکانی کوردستان!**

وەك ئاشکرایە جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە چەند قوناغی سەختدا تێپەریوە و لە ماوەی چەندین ساڵ خەباتی ئازادیخوازی و رزگاریخوازیدا، گەلەکەمان قوربانی زۆری داوە و فیداکاری کەم وێنەی ئەنجام داوە. دیارە خەبات و کوڵنەدان خەسارەتی زۆری بە هاونیشتمانانی کوردستان بەدواوە بووە بەلام لە هەمان کاتدا زیندوویی و راوەستاویی گەلەکەمانی نیشان داوە و کوردستانی کردۆتە مەکۆ و مەڵبەندی خۆراگری و سەنگەری ئازادیخوازی. لەگەل ئەو گشتە فیداکاری، گیان بازی، دڵسۆزی... و خۆراگرییەی جەماوەر و هێزولایەنە سیاسیەکان و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، ئەوەی جێگەی داخە، نەبوونی هاوکاری و یەك دەنگی لەنێوان هێزولایەنە سیاسیەکانی کوردستانە لە چوارچێوەی پلاتفورم وکاری هاوبەشدا. بە تایبەت بە ئەگەری هەر جۆرە گورانکاریەك لە ئێران و کوردستاندا و ئەگەری ئاڵوگۆر سیاسیەکان زیاتر لە رابردوو پێویستمان بە کۆدەنگی و هاوکاری هەیە.

جێگەی خۆشیە تێکرای هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، کاری هاوبەش بەرەوا و پێویست دەزانن و هەموو پێ لەسەر ئەوە دادەگرنەوە کە دەبێ کاری جیددی بکرێ بۆ یەك خستنی هێزو تواناکان و هەروەها بەرنامەی هاوبەش هەبێ بۆ گەیشتنی گەلی کورد بەویست و ئامانجەکانی. دیارە لە پێناو کاری هاوبەش هەوڵی زۆر دراوە و چەندین پرۆژە و پێشنهاد خراوەتە بەردەست و زۆربەی هێزولایەنەکانی کوردستان پێشنهادی بەکەڵکیان لەو چوارچێوەدا پێش کەش کردوە.

هەر بەمەبەستی نزیکی و یەك دەنگی و کاری هاوبەش، پلنۆمی دووهەمی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران چەند خالێکی بۆ نەهێشتنی گرژی و سەرەتای هاوکاری لەنێوان هێزولایەنەکان و بەرەی کوردستانی هێناوەتە بەر باس ، کە لێرەدا بە باشم زانی ئەو خالانەی کە لە پلنومی کۆمیتەی ناوەندیدا باسیان لەسەر کرا، لەگەل چەند خالی دیکە وەك پێشنهاد بخەمە بەردەستی هێزولایەنە سیاسیەکانی کوردستان ئێران .هیوادارم سەرنج بدرێتە ئەو داوا و پێشنهادانە و هەموولایەك بە وردی بەراوردی بکەن.

### پێشنهادەکان :

١ـ دیارە یەکێك لە مەترسیەکانی خەڵك و تێکرای ئازادیخوازانی کورد، سەرهەڵدان و دووبارە بوونەوەی شەری براکوژی و شەری کورد بە کوردە. بۆیە داوا دەکەم هەموو هێزولایەنەکان شەری براکوژی بە یەکجاری و بۆ هەمیشە قەدەغە بکەین و بەخەتی سوور بزاندرێ. هیچ کات بۆ یەك لایی کردنەوەی ناکۆکییەکان کەڵك لە چەك وەرنەگیرێ و قەدەغەکردنی شەڕ و کەڵك وەرنەگرتن لە چەك بکرێتە بەرنامە و ئیستراتیژ.

٢ـ لەسەر بابەتە نەتەوەیی و گشتی و هەستیارەکان وەك چالاکی هەمە لایەنە بۆ رزگارکردنی زیندانیانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی حوکمی سیدارە لەسەریان هەموو لایێك یەك هەڵوێست و یەك دەنگ بین.

٣ـ حیزب و سازمانە سیاسیەکانی کوردستان بەتێکرا باوەریان بە دیموکراسی و ئازادی هەیە، بۆیە پێویستە بە کردەوە پێ بەندی دیموکراسی و ئازادی و رای جیاواز و راگەیاندنی ئازاد بین .

٤ـ هەموولایێك پێ بەندی هەڵبژاردنی ئازاد و دەنگی زۆرینە بین رێز بۆ سەندووقەکانی دەنگ دان و هەڵبژاردنی ئازادو دیموکراتیك دانێن و ئەو ئاکامەی لە سندوقەکانی دەنگدانەوە دەردەکەون بکەینە پێوەر. هەروەها بۆ بەرەوپێش بردنی سەقامگیری کوردستان بە رێکەوتن و بەشداری تێکرای هێز و لایەنەکان و کەسانی سەردەرچوو کارەکان بەرێوە بچن.

٥ـ بۆ بەرێوەبەری و ئیدارەکردنی کاتی کوردستان ، دوای رووخانی رژیمی کۆماری ئاخوندی لە ئێران، هێزو لایەنەکان بە رێکەوتن ئێدارەی کوردستان بەرێوەبەرن و لەو چوارچێوەدا کەسایەتیە نیشتمان پەروەرەکانی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان بەشدار بن. ئێدارە و بەرێوەبەریی کاتی هاوبەش لەماوەی شەش مانگ تا سالێك بێ. لەوماوەدا ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی پارلمان بکرێ و هەڵبژاردن بچێتە قۆناغی جێ بەجێ کردن، دیارە کاتی هەڵبژاردن بەهاوکاری تێکرایی دیاری بکرێ و ناوەندە سەربەخۆ جیهانیەکان و چاودێرانی بێ لایەن سەرپەرشتی بکەن.

٦ـ ئیدارە خزمەتگوزاریەکانی کوردستان و بەرێوەبەرەکانیان وەك خۆیان بمێننەوە.بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان تووشی کەندوکوسپ و کێشە نەبن لەباری خزمەت گوزاری و ئیدارییەوە.

٧ـ باش وایە رێز لەکەسانی نوخبەو سەردەرچووی کورد لە دەرەوە و ناخۆی کوردستان بگێری و رێنوینەکانیان بەهێند وەرگیرێ و لە بەرێوەبەریی و ئێدارەی کوردستان پرسیان پێ بکرێ و جێگەی دیار و شیاویان پێ بدرێ.

٨ـ بنکە و بارەگاکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دەرەوەی شارەکان جێگیر بکرێ و دیاردەی چەکداری لە شار و جێگەی ژیانی خەڵك رێگەی لێ بگیرێ.

٩ـ لەپێوەند بە مافی کورد و داخوازییەکانی، بەلەبەرچاوگرتنی دروشمی تێکرای لایەنەکان ، دەکرێ دروشمی تێکرایی ، تێکۆشان بۆ گەیشتنی کورد بە مافە رەواکانی بێ.

١٠ـ لەپێوەند بەووتوویژ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی و سازمانە سەرانسەرییەکان، هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد لە نوێنەرانی تێکرای حیزب و سازمانەکان و چین و توێژەکانی جەماوەری بێ پێك بهێندرێ .

ئەو خالانەی کە لەم پرۆژەدا باسیان کراوە گەلاڵەیێکی سەرەتایە و دەکرێ گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێ و ئەگەر پێویست بوو خاڵی دیکەیان پێ زیادبکرێ و ئەگەر زیادیان هەبێ لێ یان کەم بکرێتەوە.

دیارە پێویستە بۆ گەیشتن بە ئاکامێك کۆبوونەوەی هاوبەش لە نێوان تێکرای حیزب و لایەنەکان رێك بخرێ. بەسەرنج دان بە هەل ومەرجی خراپ و ناکۆکی لە نێوان ژمارەیەك حیزب و لایەنەکان ئێمە ئامادەی پێشوازی و رێکخستی کوبوونەوەی هاوبەش و چەند قۆلین. بۆیە داواکارین هەر لایەنێك ئەو پێشنهادانەی پێ باشە بە شێوەی رەسمی و بە نوسراوە وەلاممان بداتەوە .دیارە بەشێك لەو خالانە گشتین و تەنانەت ئەگەر دانیشتن و کۆبوونەوەیان لەسەر نەکرێ، دەکرێ لایەنە سیاسیە تێکۆشەرەکانی کوردستان بەنوسراوە و بە رەسمی رەزامەندی لەسەر راگەێنن.

لە کۆتاییدا دووپاتی دەکەمەوە هەل ومەرجەکە حەستەمەو پێویستە هەنگاوی بەپەلە و جیدی هەڵگرین. بۆیە داوا لە رێبەران و سەرکردایەتی حیزب و لایەنە مەسئول و نیشتمان پەروەرە بەرێزکانی کوردستان دەکەم وەلامی ئەو داوا و خاڵە پێویستانە بدەنەوە. گەلی کورد و تێکرای ئازادیخوازانی ئێرانی چاوەروانی یەك کەوتن و یەك هەڵوێستی هێزولایەنە سیاسیە تێکۆشەرەکانن. بێگومان یەك هەڵوێستی و یەك دەنگی لەنێوان هێزو لایەنەکانی کوردستان دەبێتە جێگەی بایەخ و گرینگی پێ دانی کۆمەلگەی جیهانی و لەهەمان کاتدا گەلەکەمان بەرەو ئاسودەیی و رزگاری و ئازادی رێنوێنی دەکا.

**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**

**سکرتێری گشتی بابەشێخ حسینی**